# لە ئەنجامی هەڵکوتانە سەرماندا لەلایەن پۆلیسی تورکیاوە چوار هاوڵاتی کورد دەستگیر کران

لە ئەنجامی هەڵکوتانە سەرماندا لەلایەن پۆلیسی تورکیاوە لە ناوچەی جزیر و شارەچکەی دەرگولەی شرناخ لە باکووری کوردستان چوار کەس دەستگیرکران.

بەپێی زانیارییەکان، ئەمە سێشەممە (30ـی ئایاری 2024)، لە ناوچەی جزیر و شارەچکەی دەرگولەی شرناخ پۆلیسی تورکیا هەڵیانکوتایە سەرماڵان.

هەروەها، چوار هاوڵاتی بە ناوەکانی مەحەممەد ئاتابەی، مەتین مەندەز، ئەحمەد کایگوسوز و حەمید ئایدن دەستگیر کران.

هەتا ئێستاش هەکاری هەڵکوتانە سەرماڵان و دەستگیرکردنی ئەو هاوڵاتییە کوردانە نەزانراوە.